تیشک و ووناکیی (ژ)کی ئاوا نەبوو!.. ژنگین مەلا سەمەد

کاتێک دەنگەکی شیعریی دەبیستین، ڕەحمان ئاسوودە دەبێ، چ جا ئەو دەنگە شیعرییە خانمێک بێ، ڕەح ئاسوودەتر دەبێ و پەردەی شەرمی بە دەرخستن دەدڕێ،
کاتێک دەنگی شاعیرەکی خانم لە هەڵبجەوە بێند دەبێتەوە، ئیدی ئازارەکان خەیان دەرەخەن، بریندەکان ئەکولێنەوە، هاوشانی ئەوانیش سووکنایییەک بە دڵ و دەروونـدا دێـت کە هەڵبجەییەک بێو مـژووە تاڕەوە داهێنان بە جوانیی ئەکات و، زمان بە پاکژیی دەربڕینی وشە دڵشواتەوە، بەنی باران لە بەرەکی وشەکانی دەدات.
ئەو بە دەربڕین، تاییەکانی ئابردوو و ناسکیی دڵی تەکڕێ بە یەکدی دەکات، نایەوە و ناشهێـت ژن تەنیا وەک ئازار باسکرێ، بەڵکو لە شەوەی هەمایەک لە خەڵاگریی و هەزو جوانیی وێنای دەکات.
ئاوارەیە لە نێـو نیشتیمانەکی دەوەمێـندو ژنەکـی یـاخیی نێـو نەریتەکی لەقاڵبدراوە.

ئەمە لەو ڕەژگارە تاڵانەوە ڕەژەکمان لە هەڵهاتووە کە ڕەژ بە ڕەژ ئەدرەوشێتەوەو وەک درەخت لقی لە ئێبەتەوە، وشەکانی سادەن بەڵام مانایەکی فەلسەفیی قووڵیـان هەیە، لەکـدانەوەیان تـابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگت پێ نیشـان دەدەن، هەر ڕەنگەک گەڵانەوەی وردەکـاریی ڕەحەکی زیندووە.
ڕەژ! وەکـو کـات خەمەکـان تەئپەڵێنن و تـاڵیی بە شیرینـی وشە ناهەڵێت، تەنهایی لە نێو دەڵەکانی دەبینرێت، ونبوونی خەی لەنێو واتای دەڵەکاندا دەبینتەوە.
ڕەژ ! ئازارەکانی بە شیعر ئەسپێرە و، ئەشکی ئەجگار فەلسەفیی قووڵ لە دیوی وێنە شیعرییەکانییەوە هەست پێ ئەکرێ،
کاتێک سەرلەبەری شیعرەکی شیئەکەیتەوە، وردبوونی ڕەحیی و، شکانی هەست و، تەنیایی بەدیئەکرێ.
لەنەوان ژیانەکی واقعیی و خەیاڵەکی مەجازییدا، بەدەنگیی و ونبوون و مەرگ و ڕووبەڕووبـوونەوە بـوونەتە دیـالـۆگی هەمیشەیـی شـاعیر، چارنووسەکی تاڵ و تاریک شەوق و شیرینیی ژیانی ژنەتیی (ژ)ی کەمکردووەتەوەو بەرەو تەراندن لەو ژیانە تەقلیدییەی بردووە.

لە شیعرەکی کورتدا شاعیر گەڵاوێتەوە بە ئابردوو و ئەو ئازارو نەهامەتییانەی ژیان باسدەکات کە وەک هەر ژنەک بەسەریدا هاتووە،

وێنەی ئەو کەمپەینگایەی دەرخستووە کە شەرەفی کردووەتە پاساو بۆ ئینجامدانی هێوتاری نابەجێ و پشێلکردنی مافی ژن و قەتیسکردنی ئازادییەکان و، زەقکردنەوەو دەژێدان بۆ کلتووریی پیاوسالاریی، شاعیر لە هەر دەرفەتێکدا وێنەیەکی بەهێزی فیزیکیی نیشانداوەو تەهێکەشێکی قووڵی لە هاواری ژنبوون و گلەیی و، هێخنگرتن لەو نەریتە لەقاڵبدراوەی کە تا ئێستاش دەژێی هەیە لە پەیوەکردن، کردووە.

نموونەیەکی شیعریی شاعیر (هێژ هەبجەیی)م هەبەزاردووە کە دونیایەک پڕە لە گلەیی ژنبوون و توڕەبوون لەو کلتووڕەی بە ژن داتاشراوەو یاخیبوون لەو نەهەماتییانەی بووەتە هێچکەی ژن بە تەپڵەبوونی، وشەکان ئازاریان لە ئەتکە و، دەرفەتکان گلەییان لە ئەبارە، شیعرەکە وێنەیەکی تراژیدیای تژی لە بەزاریی و وەسبوون نیشان دەدا، ناوەرۆکەکەشی باسی پیاوسالارییەکە کە بووەتە دەسەاتێکی کاریگەر بۆ دەستەمکردنی ژنان و هێگریی لە مافەکانیان.

شاعیر دەڵێ تووڕەیم لە ئەتکە! ئەو هەستە تووڕەییەی هێحی کە ناخ و دەروون و بیرکردنەوەی قەتیسکردووە، لە بووڕەییەتی خۆیەوە تووڕەبوونی بۆ تەکنیکێک لە خوێن و فرمێسک چواندووە، کاتێک لە قووڵایی برین و ئازارەوە لێت ئەتکە.
موعاناتکان، ئەوەی لە سایەی ژنبوون بەسەریهاتووە، تەواو هەراسانی کردووەو بەرەو بەزارییەکی قووڵ هەنگاوی بەرەو دەربەین ناوەو، سەبووری خۆی لە دامرکانەوەی هێحی ماندووی بۆ دەربەینەکان دەستئەخا و، متمانە بە وشەو هێستکان دەبەخشێ بۆ گەیانەوەی تاییەکانی ئابردوو.

شاعیر پێیوایە ئارەزووەکانی ژن، لەژێر نەریتی پیاوسالاریی نقووم بوون و، شەرەف بووەتە پاساوێکی بەردەوام بۆ شەبووندەوە بەنەو جوانییەکانی ژن و داگیرکردنیان.

هێژ، لە نەریت و یاسا کۆنەکان قووتار دەبێت و بەرەو دەستپێکێکی نوێ هەنگاو دەهاوێت، ئەو چەمکانەی بوونەتە هۆی کورتکردنەوەی بوون و ئازادی ژن، ناهەقێت و ئایدەماڵێت.

تووڕەیم لە ئەتکە،

ژنبوونم هەراسان،

چ شەرمەکە ئابردوو

لەو کاتەی باڵام داکوترا

بە نقتەکانی شەرەف،

ئیتر پیاو بە منا تێپەڕی و

کێگەی دروێنە کرد،

چەکی دەستیشی باوك سالاری

کچێك ئەمەی وت/ دوێنێی کوشت و

بە ئاوێنەی وت ببورە ئەوە من نیم، دواتر

گسکی لە هەموو نوقتەکانی شەرەفدا !

(ئاژ هێبجەیی)

نێنگین مەلا سەمەد
نووسەر و ڕۆژنامەنووس

نێریت بێ ژن، ژانێ.. نێنگین مەلا سەمەد

بێ منەکی ژن دژی نێریتێک نەوەستم کێ چەندین ما فی لێ داگیرکردووم؟

نابەت کوڕانێ نێریت پێیەو بکرێت بێ پرسیارکردن لێ کەت و بەندەکانی، نابەت دوای تێیەک بکەوین کێ لەووڕ مەعریفییەکەوێ قەتیسمان ئەکات، نێریت بێ منەکی ژن داتاشراوێ؟ یان ئاگەزی بڕامبەریش دەگرێتەوێ؟
نێریت پاساوە بێ پێیەوکردنی ئابردوویەکی تاێ ؟ یان کوشتنی داهێنان و نوێگەریی؟

ژن هەموکات قوربانیی نەریت و عورف و عاداتەکان بووە، بەیانووی وشەی (عەیب) هەموو زانست و جوانییەکیان لە باڵای دامالیوە و نووقمی حەسرەتێکی بێکۆتایان کردووە، نەیانهێشتووە چاوی ببڕێتە ئاسۆیەکی ڕووناکتر، هەمیشە چاویان بە دواوە ڕاهێناوە، نادادپەروەری و پشێلکردنی مافەکانیان کردووەتە ئامانجێکی بەردەوام بۆ سەرکوتکردن و گرێیەکی ئاڵۆزی دەروونیی، بۆ جارێی، ژن هەمیشە خۆی پێ کەمبێ و چاو لەدەست و چاوەڕوانبێ بە پێدانی میهرەکی پێ لە بەرژەوەندیی.

ئەم جارە ڕادەستبوونێی تاک بە عورف و عاداتەوە گەمژەییە، نابێت مرۆڤ کوێرانە ڕێگا بگرێتە بەر، تەوەڵێی پێ لە هیوای بە نەزانیی، بپشێ پێویستمان بە هۆشیاریی و بوێریی بە ڕامایینی تازی سەر نەریتە لەقاڵبدراوەکان، عەقڵ و لۆژیک پێویستیان بە خستنەکار بە بەرپاکردنی شۆڕشێ دژی نەریتە کۆنەکان.

مرۆڤی ژیر هەم ڕێز لە عورفێک دەگرێت کە لەگەڵ بەردووداو باو و باپیرانی پێڕەوێانکردووە، هەم بەهاو پێوانە بە هەڵسەنگاندنی عورفە لەقاڵدراوەکان دادەنێت و، ناهێڵێت عەقڵ تووشی پێککەوتن بە و پاشکێیی هەبژێرە.

بە دەربازبوون لە نەریت و پێڕەوکردنی لە کەمەگا، پێویستمان بەم دەستەواژانە دەبەست، من هەم، تە هەیت، ئەو هەیە، ئەمە هەین، بیردەکەینەوە، بەیاردەدین، جیاواز دەبین و جیاواز بیر دەکەینەوە، یەکێدی بە جیاوازییەکانەوە قبووڵ دەکەین، ئەمەیە فریادەسی ئەو دەردە کوشندەیەی کە دەمەکە زەربەمانی گەمژە کردووە، ناشتوانین لێی دەربازبین.

ڕەنگین مەلا سەمەد
نووسەر و ڕۆژنامەنووس

پەتەـــــــک، تەـــی مەژوویەکـــی قەزەون دەکاتەوە!.. ەە نگین مەلا سەمەد

کاتێک ئازارەکان لە قووڵایی بیابان درووستبوون، جەلادێک خوێنی ئەپرژاندە برینەکانیان، بە هاوار و نووزەو ئاهەکان، قەڵایەک دەهاتە لەرزین، ویژدانەکان ەائیچەکین، بیابان وشکیی خۆی بە خوێنی بەتاوانان ئاو دەدا و تینوێتی خۆی پێ ئەشکان.

نوگرە سەلمان، زیندانییەک هاوشێوەی دەزێخ، چەند دیوارێک کە هاواریان کپ ئەکرد و، بە جیاکردنەوەی ەەح لە جەستە زریکەیان ئەگەیاندە کەشکەلانی فەلەک، وشک و بەدەنگ، بەەام ترسەنەر و تەمومژاوی.

سێ دەیە لە برسیکردن و ئەشکەنجەدانی جەستەیی و دەروونی و تاوانی دەستدرێژیکردن و گەرما و چەوساندنەوە، نەیتوانی مەژوویەکی تا بەبیر نەخاتەوە و تاوانە قەزەونەکان پەردەپۆش بکات، نەیتوانی دەندەیەک بە دادگا نەناسەنێت و گەلەک بە شکۆ و ناسنامەو بسەتەوە.

سزادانی عەجاج یاخود جەلادە دەندە و بەبەزەییەکەی نوگرە سەلمان، بووە خاەکی یاسایی دادپەروەر لەبەردەم تاریکترین دەسپێیەی جینەساید، تاوانی تاوانبارێک، بووە هەی بەرزکردنەوەی شکۆ و سەروەریی و خەاگریی گەلەک، کە بارتەقای ئاسمان و زەمین بریندار کراوە و چەوسێندراوەتەوە.

شایەتحاڵ و بەگە و ئاسەوارەکان بوونە ەەشەبایەکی بەهێز و تەزی سەر تاوانە نیشتووەکانیان ەامەی و ەاپێچی بەردەم دادگا و یاسایان کرد.

عەجاج دەیویست لەژێر ەووخسارێکی شاراوەو هاوشێوەی پیرە پیاوێکی بەوەی ژیان بکات و کەتایی تەمەنی بە خێر بێ، بەئاگا لەوەی تیشکی ەاستیی و زیندوویی خاکێک، چاودێریی کەکەوتنیان دەکرد و لەنەگەان تا ەاستییان نەسەلماند و، حاشایان لە زاری سێ نەکرد.

ئیدی ئەو تارماییەی ساەانێک نەدەبینرا، ەاوکرا.

□□حە کوژراوەکانی بیابان ئاسوودە بوون.
ئیدی پەتی سەدارەدان بیری فاشیزمی عەجاجی ستەمکار بە ئەبەد دەکاتە گۆڕەوە و، لەسەر کەلەکەشی، پێیەکی دیش لە مەزووە بە لەعنەت کردن جەدەهێتە.

□□نگین مەلا سەمەد
نووسەر و □□ژنامەنووس

وتارەکە بە دەنگی..

میهری (میهربان سا□□یی) لە دەقە شیعرییەکاندا!.. □□نگین مەلا سەمەد

ئەو ژنەی ئازاری شەرمەزار کردو ژیانی ژیاندەوە

بە جوانبینی خانمکی تر، قە□□مم □اسپارد وەکو خەی بینووستەوەو پێناسەی بکات، ئەو خانمە هەندە پێ□ لە وشە هیچ تاقگەیەک بڕی پێ ناگرێت.

ئەو ! زمانی ئازارەکانی ژنبوونە، کانیی میهربانییەو چیرەکەکە □استەقینە، □□مانەکە پێ□ لە پەندو واقعییەت و □استگۆیی و مرۆڤدۆستیی و خۆبوون، چەند لەی بخوێنیتەوە هەندە چەژی لە وەردەگری،
وشەو قسەو دە□□و دەربڕینی، چەشنی نمەی بارانەو گوڵ ئە□□وێنێ، □□ح ئاسوودەو ویژدان زیندوو ئەهە□□تەوە.

ئەو(با)یەکە بانەو دارستانکی پێ نهێنیدا گوزەر دەکات، کاتێک دەجو□□ت، وەک گە□□ا وشکەکانی پایز وشە ئەوەرێنێ و ئازار لەگە□□دێنێ.

کەم ئەدەو و زەر دەبیستە، کاتێک دەست بە قە□□م دەبات، ئاسمان لە

بەردەم مەزنیی دەربەینی بەدەنگ دەبە، ئەستەرەکان چاوکراوەتر دەبن.

کاتێک قەڵەم دەگرێ، شوێنێک ناهەڵەتاوە لێ بەشایيدا،
ڕەح بە بەر هەموو وشەکان دەکات و، دەڵەکانی ئاوێنە ئاسا مرۆڤایەتیی نیشاندەدەن.
نەرم دەتە گۆ، بەڵام توند ئیپێکە،
هەر شیعرێکی! بریندکی سەر جەستەی و تاڵیی ژیان و ژنبوونییەتی،
خەم هەمووکات وەک منادێکی لاسار بەرەکی گرتووەو گیرەدەی دەستی واقعێکی تاڵی کردووە.
ئەو بە داهێنان و جوانیی دروستبووە، هیچکات ئادەستی دەڵانی گەمەی ئەژگار نابێت،
چانسی ژنێتیی ئەو، قەڵەمە پێ بەشتەکییەتی کە بیرو ڕەح و ڕووانینی وێنا دەکات و بووەتە گوهەری گەردنی ناسکی.

گەرچی میهرەبان لاوەو خاوەنی هیچ کتێبکی چاپکراو نییە، بەڵام بەرینییی هەزرو حەوسەڵەی قەڵەم و جوانیی نووسینی و مەودای ڕەشنبیرییەتی تا کۆشکەلانی فەلەک باڵیا، گەردوون ئەم بەهرە نایاب و سروشتییەی بە شایستە زانیوە.

جەرگ دەنووسێ، تامت پێدەبەخشێ و تەربوونت لێ دەسڕنەوە، ئیشتیهای چاوەڕوانیت دەکاتەوە، تا تامەزرۆی دەقە شاراوەو پێنهانەکان بین، ئازار ئەوی کردووەتە قەڵا،
بە وشەکانی تابلۆی دونیایەکی جوان دەکەشێت و بە دەڵەکانی دونیایەکی تاریک ڕووناک دەکاتەوە.

هاوڕێ و هاودەمی، کتێب و پێنووس و تێنووسکەیەتی
ئەو دەزانێ چۆن هاوارو ئازار لێ تێنووسێکدا بەبەدەنگیی بنووسێتەوە، بە باسکردنی ڕازەکان متمانە بە پێنووس بکات و، بە بەباکبوون لێ تێرکردنی هزریش کتێب بکاتە هاوڕێی هەمیشەیی.

میهرەبان بەڵادێک هەگری مرۆڤدۆستییە، پێیوایە تاکە عیبادەتە کە پێویستە هەموو مرۆڤەکان پێسەندی بکەن، ئایینی ئەو مرۆڤایەتی و عیبادەتیشی پێڕەوکردنییەتی.

بە سەڵماندنی ئەم جوانیانەی (میهرەبان سەڵیی) نموونەیەکی شیعریی ئەوم بە ناوی (با ئیدی بزانی کەم)م هەڵبژاردووەو بەوردیی شیکردنەوەم بە کردووە..

لەژێر باری خەما بوونیەتی خۆی بە پیتەکان ئاسپێرێ و هەر ئازارێکی لە وشەیکدا دەردەبڕێت، ئەو خۆی دەناسێ کە کێیە، بەڵام لەگەڵ ئەو کاڤامەدا دەئاخڤێ، کە سنووری جوانیی و جیاوازیەکانی بەزاندووەو پیرۆزیەکانی هەتکردووەتەوە.
ئەو پێنووسی کردووەتە سەلمێنەری بەهای کەسێتیی خۆی و، بەرامبەری کە ناحالیەکە، پێ ئاشکێنێت.
میهرەبان دەروونی خۆی خەمناکانە دەکاتەوەو لەزانانە دەڤووکان بە گوزارشتکردن لە گلەیی و تووڕەبوونکانی دەنووسێتەوە، جوانیی ئەو لە چنیەتیی دەربڕینکانییەتی، کە ژیرانە ناخی هەژار و هەمنانە بەرامبەرکەی سەرکەنە ئەکات.

میهرەبان پێیوایە بەادەیەک شکاوە، هەموجارێک گڕشار دراوە بە ئاوەی فڕامشبکرێ و بەو ئازارەوە بتلێتەوە تا ئاستی لەناوچوون و چوونە ژێر خاک.

لەبەر ئاوەی کاڤام بوویت،
کوفری بەراوردکانت کردو
منت گڕشاردا

ئەم خانمە شاعیرە جارێک ڕاحی ئازاردراوەو شکێندراو تا ئاستی وردوخاشبوون، قسەکانی ئاراستەی ئەو کەسە دەکات کە نەیتوانیوە میهرەبانی و هەقی ژنێتیی پێ بدات و پیاوانە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، موتەقانە دەتە قسەو ئاقڕەی نامێنێ، بەمنەتانە بەیار دەدات لەوەی کە چیتر نابێتەوە بەو مرۆڤەی پێشووتر هەبووەو، هەرگیز جارێکی تر دەستی تێی پێ ئاوینی ئەمی بەرناکەوێت، کاتێک دەڵێت (کاسەی سەرم کوڵا) مەبەستی لەو ئازارەیە کە چێشتوویەتی بەهەی نەبینین و نەخوەندنەوەی هەزو خەڵاگریی و، بەڕێزیکردن بە نرخی مرۆڤبوونیەوە، هەش و بیرو عەقڵی لە تێنەگەیشتنی بەرامبەر لە ئاستی، وەڵسبووە.
دەڵێ: حەسرەتی خۆشویستیم بەهەی قەدرنەزانینمەوە پووکایەوە، هەڵکردنی میهرەبان لەگەڵ ئازارو بەباکییەکان وایکردووە گەردوون هەستی پێبکات و لەی حالیبێت، وایکردووە ئاسمان کە زەر بەرێنە، سەبری ئەو کارساتە پێ لە تراژیدیایانەی نەمێنێ و تووشی ئامان و بێهیوایی ببێ، دەڵێ:ئاسمان و گەردوون لەم گەیشتن کەچی تە هەر تێنەگەیشتی.
ئەپرسە تە ئازانی بەم ناحالیبوونێت چیت کرد ؟ مەبەستی هەڵو دەشکان و ئازارو خەمکانییەتی کە پێیداوە.
چیشت نەکرد؟ مەبەستی پاساو هێنانەوەو باشکردنی دەی بوو بەرامبەر

کارەکانی بەڕام نەیکرد، لەکاتێکا ئەبوو دەی چاک بکاتەوە وەڵامی
بەی هەبوایە بەڕام نەیبوو، نەیکرد.

نابەوە خەم و، نامبینیتەوە چیتر نزیکت بم
کاسەی سەرم کوڵا هەندە بەم لاواز نیم
تاسەی ئەوینم پژا، ئەوندە بەم نرخم بزانە
گەردوون جوڵەی گەڵا لە بە مەیلیت
ئاسمان دەش داماو تاقەتی چوو
لە تە هەر حاڵی نەبووین
تە ئەزانی چیت کردو
ئەشزانی چیت نەکرد؟

میهرەبان دەی بە عەقڵەکی تەپیو شکەندراوە، لە لەمکردن هەندە
لەزانانە ئەنووسە، ئاگری دەی بە دەربەینی وشەی قووە نەبە
دانامرکێتەوە، لەمەی ئەوە دەکات کە میهرەبانیی چەندە جوان و
پەویستە، بە دەندەیی وەڵامی دراوەتەوەو مامەڵەی لەگەڵدا کراوە،
هەست بە گاڵتەجاڕی و، سەزیش بە شتێیی لەکداوەتەوە، بەهەی ئەم
جەرە هەوتارانەوە هەزار خەونی سەوزی ژنبوونی لەگەڵناوە،
لەبەرئەوەی هەمایە بە ژیانەوەو جوانی و، ئاماژەیە بە گەشکردن و
باڵایی، بەیە لەگەڵ خەوندا وشەی (سەوز)ی بە هیواو ئاواتە
ڕەنگاوڕەنگکانی بەکارهێناوە.
ئەمە لەکدانەوەی کەمەڵە خووی بەرزو پەسەندە کە پەچەوانەکەی کراوە
بە کردار،
ئەمەیە وایکردووە هەرگیز نەبەتەوە بەو مرۆڤە زیندووەی کە دەمەکە
بە دەستی هەستکوژێک شەهید بووەو، دنیایدکاتەوە لەوەی نابەتە
ئەوەی پەشووتر متمانەی پەکردووەو پەیدەڵە خەشویستیت بەسەرچوو،
کەتاییهات.
بە ئەمەش ئەو پەندەی هەناوەتەوە کە دەڵێ: (کنگرو ماست لە وادەی
خەی) مەبەستی لەوەیە هەموو شتەک لە کاتی خەی پەویستە بکرێت، نەک
بیرلەکردنەوەی لە کاتەکی هەڵەو بە بەهادا.
میهرەبان لەڕدا مەرگی سەزو ئەوینەک ڕادەگەیەنێت کە بە هەڵە
هەڵیبژاردووە، ئازادبوون و سەبەخەیی خەی وەردەگرێت لەو ئەوینەی
کە ببووە شکست بە خەونەکانی.

بەراوردی میهرەبانی بە دەندەیی و
هەست بە گاڵتەجاڕی و
سەز بە شتێی کردو
هەزار خەونی سەوزمت زیندە بەچاڵ کرد

نابەوە خەم و نابیتەوە ئەوەی هەبووی لێزیانم
ئەوینت گوزەشت
وەک ئەوەی ئەڤین کەنگرو ماست لێوادەی خەی.

ڕەنگین مەلا سەمەد
نووسەر و ڕۆژنامەنووس

گوزارەک بە نەو دەڤ شیعرییەکانی (کۆژان ءەلی) و ئاشنابوون بە جوانییان.. ڕەنگین مەلا سەمەد

لە گوزارکردن بەنەو دەڤ شیعرییەکانی خانمە شاعیر (کۆژان ءەلی)دا هەوای شاعیربوونیت بەردەکەوە، لێکدانەوەیان! ئاسایەکی هەوونی شیعرییت پێدەبەخشت، خەیاڵت بە لێکدانەوەی پیت و وشەکان پێلکەشدەکات، لەزەت و چێژی جوانیی و تەمای شیعرییت پێدەبەخشێ، ئەو بە سادەیی دەڤەکان دەرنابڕێ، بەڵکو هەڵوەداو ماندووت دەکات بە مانا هەقیقییەکەی خەی، بەدەنگ و کەمدووە، بەڵام دونیایەکی بەرینە لە وشەو داشتن، دوورپەڕزیی ئەو بە باشتر پشکشکردنە نەک خەڵشاردان، سادەیە لە کەسایەتیی بەڵام دەوڵەمەندە لە بیرو دەربڕین و خەیاڵی ئەرێنی، ئەو! کاتێک دەڤەکان بەسەردەکاتەوە بە پێکهێنانی دەقێک، قوربانیی بە هەندێک لایەنی ژنێتیی خەی دەدات بە ئەوەی دەقێکی چێشکەن و داهێنەراو بونیادبنێت و، گەمەیەک لەنەو کلتوورە زاڤەکان و خەیاڵە قەتیسەکان ئەنجامبدات، مەیلەکانی ئەو بە شیعرو شاعیربوون مەرکی ڤەسانەیەتی پەوەیو بەرگێکی سەنگینی شیکی بەبەردا کراوە، ئەو! هیچکات لە خەیاڵی لادان لەم بەرگەدا نییەو، کردوویەتی بە پێشاکی شیعری هەمیشەیی
لای ئەو شیعرو ئەدەب گەنجینەیەکی ڤەحیین و ئامادە نییە دەستبەرداریان بێت، وەنەی شیعریی ئەو پانتایەکی بەرینی داگیرکردووە.

ئەو ژیرە لە هەبژاردنی وشە شاراوەکان، دەریاندخات و بەکاریاندنە، تا ئاستی پێبردن بە هەموو جوانییەکانی ناوەکیان دەتبات، ئەو ناوستەت، بەردەوامە لە گەڕان بەدوای دەقە نەبیستراو و نەوتراوەکان، دەیاندزێتەوە بەرچاویان دەخات
لە ئاست پێناسەو هەستنگاندنی قەڵەمەکەی تووشی شکت دەکات، هەزی ژنێتیی ئەو بە بوون، هێندەی ئاسمان و زەمینە
پێناسەو خوو و باس و خواسی کۆژاڵ عەلی لە شیعرەکانیدا دەبینرێت، چون هەمن و هەیمنەو کەسایەتیی نەونەقدارەو هاوشێوەی تیشکێک نەنگدانەوەی لەسەر ناوەکێک و فەرم و دەقەکانی دەبینرێت
کۆژاڵ! بە شیرینی وشەو سەنگینی دەربڕین و سەلیقەیی لە تەکنیک، تایبەتی لە بیر دەباتەوە،
جوانیی دەبەخشێتەوە ئازارەکان پێچەوانە دەکاتەوە.
ئەو جۆرێک دەنووسێت، ئەندێشە هاوشێوەی(با) ئاراستە دەکا، گومان بە جوانبینی و داهێنانی ژن وەک گەردەلوول ئادەماڵە، ئیلهام بە بیرکردنەوە وەدەست ئەخات
هەروەک شاعیرە نووسەر کۆژاڵ نوری لەبارەیەوە دەڵێت، کۆژاڵ عەلی فەرهەنگێکی بەدەنگە.
ئەو پێی لە قسەو زمانێکی نەرمی هەیە لە دەربڕین

لە شیعرەکدا کۆژاڵ عەلی بە هەندێکی قووڵەوە وێنەی سەزو ناخی پە خۆشەویستی خۆی بە عەشقێک دەکەشێت کە لەی ونبووەو ناتوانێت خۆی تێدا بدەزێتەوە، لەکاتێکدا تەفسیری تاسەو تامەزرۆیی عیشقی ئەم بە هەڵەکی ونبوو، پێی لە نائومێدی و چاوەڕوانی و بەربەرەکانێ بە ئەو عەشقەی کە وەک باران بەسەریدا دەبارێ و زیندووی دەکاتەوە و بەردەوامیش بەرەو مەحاڵی دەبات،
لەوی تێی پێ ئاو دەداو نوقمی حەسرەتی تێربوونی دەکات.
لە سروشتدا وێنەی عەشقی کەشاوەو با و باران و هەورو گەردوونی کردووەتە هەمزی عەشقێکی نەرم و بێگەردو هەڵحیی.

ڕاوەدووی بای دەنا
سەری لە گەژی باخچەدا
لە جێ ما ، باران .

شەری گەردوون دەکەم
بەس هی تەم پێ ناکرێ
کەدەی وەک باران
لەچاو تروکاندنێکدا
شەلاڵم دەکەی بە دەسرەژی ئەشق .

تکەبووونی کەمەک واتای وەک باران و مۆسیقاو بۆن و خۆن و ئەرخەوان، هەستکی ناوکیی بزووێنەر ئاخوەقێنە لە عەشقکی پێنهاندا کە پڕ لە هەمنی و جوانی و شکۆ، ئاوازێک ئەچڕێ کە عاشق مەست و سەرسام دەکات، وێنەیکی شیعریی وا دەدات بە دەستەوە، کە ڕووی ڕاستیی عەشق دەردەخاو هەمای جوانیی عەشقی ڕەحیی دیاریدەکات ئەم جارە دەربڕینەش لە ئەنجامی لێوردبوونەوە، هەستکان لە تەوەرەیکی تەواو ڕووکشەوە تەوە دەدات و بەرەو هەوربوونەوە ئاراستەیان دەکات،
بەهەی بۆنی عەشقی ڕاستقینەوە، ڕەحی پێوەست و پاڵکێش دەکات.

کە دەمە بەر نمەی شڕکانی تۆ و
مۆسیقای بەخوری ئاو
لە خۆنکی ئەرخەوانی یاخییەوە
دەبم بە پلینگکی چنگ بە بارانی
عاشق
دڵم بۆن بەرووحتەوە دەکەم .

شاعیر وێنایکی جوانی ناخی خۆی تەکڕەیک لە سروشتی باران و سەرماو هەور کردووە، پێیوایە ئەو بارانەی کە سەرما لەگڵ خۆی دێنێ و پێیکان ئەتەزێنێ لەگڵ گرمەو بروسککانی هەوریش سەما بە دەستە سەو ڕچاوکان دەکات.
ئەمەش پیشاندانی وێنەیکە، کە خەمکان دەڕوێنێتەو ئازارکان دەکاتە هیوا.
شاعیر پێیوایە باران ئاسوودەیی خۆی لە هەنسکی ئەودا دەدۆزێتەوە، باران ئاوی ئیلاهییەو هەنسکی ئەمیش فرمێسکی دووری یارە، هاودەنگیی و هاودەمییەک لە نێوان خۆی و بارانداو بەدی دەکات بە هاوسۆزی و هاوەڵێتی، هەنسک و باران دەکاتە هاودەم و هاوڕێی یەکتر.

پێیکانی تەزین، باران
بەدیار چڕپڕ بارگاوی یەکانی هەورەو
دەستی سری کانوونکانی گرتووە و
سەما دەکا .
وەک دلم لای ئەو بە
سۆری بە کەڤالی هەنسکم کردوە
باران .

بەکارهێنانی دوو دەستەواژەی پێچەوانە، کە ئەوانیش (منداڵیی و گەورەبوون)ە، پێناسەی ژیانی دوو وەستگەی جیاوازی تەمەنی شاعیرە

لەو ساتەوەی کە هەستکی منداڵانەی تێدابووە تا گەورەبوونی ئەو هەستە لەگەڵ خەمکانی ژیانیدا.
منداڵیی، وەستگەیەکە ناخ تیایدا هەورەو خەم ئاڵوزی ناکات و فرستەکانی لە کیس نادات.
بەڵام لە گەورەبووندا شێوەلی بەئومێدیی، تاقگەی ئاو هەرچەندە تاڵە، مرۆڤ تووشی هەڵقرچان و وشکبوون دەکات.
لەم جیهانبینیەش کە پڕە لە خەم و نائومێدی و حەسرەت، باران هەرچەندە دڵنووکی نیە هاوشێوەی باڵندەیەک هەستکانم بریندار دەکات.

منداڵیم ،
سەریز تریقانەوەی بارانی دەهێنیەوە ،
تەر نەدەبوو .
گەورەییم، لە بەر تەوژمی
بەهومێدی تافاو
زەمەن وشک دەکاتەوە .
سەرم پر بوو لەجریوە
دڵنووک لەگەی ئیحساسم گیر دەکا
باران .

وێنەکان لەم بەشەی کەتادا ترسی تیا بەدی دەکرێت
ترس لە هەڵخەڵتاندن، ترس لەو بەزاریەی کە بەرەکی پاکی بەئاگای یاری گرتووە، ترس لەو دەرفەتەی کە باران قەستوویەتیەوە بە ئەوەی دەی یاری پێ بخاتە نەو بەسەو پیلانی داڕژراوی ئەو بارانەی کە دەپ دەپ لە پەنجەرەی دەداو لە نهەمی حەوتەمی (با)وە دەیەوێت بە پرس، خەی بە باوەشی پێ سیناریەی باراندا بکات، باران کە وەکتر هەمزەکەو بە دیوەکی جوان واتا ئەبەخشێت، لەرەدا شاعیر بە گومانەوە باسی لەوە کردووەو هاوشێوەی دەوزمەیەک لەی دەوانێت و ترسی لە بوونیەتی.

ئەوەندە دەتە بەر پەنجەرەکەم
دەپ دلەپ ،
دەترسم ،
لە نهەمی حەوتەمی باوە ،
بکەوێتە باوەشی سیناریەی
بارانەوە ، دەم

رەنگین مەلا سەمەد

تەعتی جوانیی (تەعت)ەک.. نگین ملا سەمەد

پەمخشبوو وەک خانمک تەنیا خوەندنەوە بە جیهانبینی و تەوانینی شیعری خانمان نەکەم بەکو قەڵەمەکەم بە شیکاریی و وردبوونەوە بەنو دەق شیعرییەکانی پیاوانیش بخەمە کار.
جیاوازییەکان، ڕووئیاو بچووون و ئیلهامەکانی هەزرو ڕح وەدەردخەن، کەسایەتییەکان پەناسە دەکەن، ئاراستو ئامانجکان دیاریدەکەن، بە ئەمجاریان قەڵەمەکەم ڕوو لە بەحری نووسین و ئیلهامی پیاوەکی جواننووس و هەست دانسقە دەکات و بە پەشینی بەرگەکی ئەدەبییەوە مەڵەی تەدا دەکات، ئەویش (تەعت تاهیر)ی پە میهرە لە دونیای ئەندەشەو واقعدا.

تەعت تاهیری جواننووس کاتک دەقک دەنتە بوون، لەبەر شەوقی جوانی و ناواخنی وشکانی خت پە ناگیرە بە نەخوەندنەوەی، لەناگەڵی تا نەگەی بە هەقیقەتی مانای شیعریی
هەندە بەسەلیقە دەست بە وشکانەوە دەگرت تا ئاستی فەنابوون دەیانبات،
بە دەڵکان ئەوین دەبەخشتەوە،
پیتەکانی سەکەن بە تەگەیشتن لە پەیامی عیشق و پیرز ڕاگرتنی،
دەقکانی واتلەدەکەن ژیرانە وەک گەڵان بەدوای ئەوینی ڕاستقینەبی.
دەقکانی هەمیشە زیدوو و نەمرن، بەجۆرکن ئاوانابن هەردەم هەڵەدەن، ئەو لەچوون و دووبارەکردنەوە هەموکات تەتەکاتەوە، حزکی عینادی بە نوەوتن و نوە دەربین هەیەو هەرگیز ئامادە نییە دەستبەرداری ئەو خووە ئەرنییەی خیبە، لەمەشیاندا هەمیشە براوە بووە نک دەڵاو.

لە بەشی یەکەمی تەکستەکەی تەعت تاهیردا خەمی لەدەستدانی کات و زەمەن و دەرفەت هەیە، دوورکەوتنەوەو دابڕان و یادو یادەوەریی، تەماو ڕوانینی وێنەی شیعرییەتی لەخگرتووە، زەمەنە

پراوەزخراوەکان هیچکات دەرفەتی پکەوەبوون و ئاسوودەیی و خۆشبەختیی و لەکگەیشتن و پکگەیشتنیان پێ نادرێت، جوانییەکان، یادەوەرییەکان، سەوداو ئاوەزانبوونەکان، خۆشبەختییەکان، ئومێدیان لەسەر هەڵناهەنجرێت، لانەو ئاسوودەییەکی لێدەستچوودا نغرۆی ئاوینەکی بەسەرچوو دەبن، ئاوکاتەی ژیان سەرگەرمی تکەڵبوونەوەی مرۆڤ، ڕەحمەکان تینوو و پڵەقاژیانە بە گۆشکردن لانەو ژیانەکی تەنراو لە ململانێ و سەخت و غەددار، باشییەکان بەهایان بە دانانرێت و تەنانەت هەڵگرتنیشیان لە یادو یادەوەرییدا بەر زریان و تەفانی زەمانی بەوفا دەکەوێت و هاپڕچیان دەکات بەرەو ونبوون و ناشتنیان بە ئەبەدییەت هاوشوێی هەڵگی ناوی (نسیان) کە مانای ئینسانی لەوەهاتووەو ئاسییەکەی خۆی فەرامۆشکراوە.

ڕێشت و عەسرەک بێیکەوە چایکمان نەخواردەوە..
لە وڵێیکی کۆنی هەولێردا بینیم
ئەو گەڕەکەی ئێستا تیایدا دەژیت، کەڵگەی گەنم بوو، تا چاوبەکا گیا لەوڵێیکی وەستاودا دەڵەریەوە، لەوانەیە شوێنی خانووەکەتان لەوە سابەتی چا خواردنەوەی عەسرانی خەزانێکی جوتیار بووبێت.
کات تێپەڕی و جوتیار و سابات و گەنم، زەمێن هاڵی و لەیادەوەریشدا بەربوونەوە.

خەمی داهاتوو هەمووکات بە تاوانێی بەندی تاعەت تاهیرەوە دیارکەوتووە، خەمی دەزینەوەو پێیبردن بە جوانییەکان و دەزینەوەی خۆشبەختیی ئاوکاتی ئابردووی شۆخکەی کە ئێستا بەدویدا وەڕەو عەوداڵی گەڕاندنەوەو سەراخکردنییەتی، هەموو کەڵان و گەڕەکان، لەبری ئاوەی ئێستا ئاوی لەبەت، یادگارییەکانی لێن، کەسکی لە ڕووخسار جوان و لە ناخ شکەت و خەمباری بەئازاری هاوشوێی ئاوی لێیە وەک تاقە گوڵەی کە دەبێتە دەرفەتی کۆتایی تەمانی و بژاوی بە ژیانی کەسکی ترو قوربانییدان.

خەمی ئاوەم، دەزانم لە وڵێیکی داهاتوودا، پاش سەد ساڵەک، کەس نازانێت کەسک لەم خانووەتان دەژیا بەناوی تاوە، کەسکی جوان و خەمبار، خەمبار وەک ئەو تاقە گوڵەی بەتەنیا ماوەتەوە لەناو سەبەتەی گەنجەک لە ترافیکدا دەیفرۆشت.
ئەو هەساریەی تەی لێیت
پاش چەند جارەک سووڕانەوەی ئەم هەساریە: قسات ناوی ئەمەش دەخاتە تەمارە ونەکەی سەنحاریبەوە.. زیندوەتی قسەی سەبووی بەهەواشی لەژێر سەرماندا دەرهێناوە..
کەڵان ماوە و من نەماوم بەم، سەعات لەبازاڕ دەمێنە و مەچەکت نا،

ملپێچ لەدوکانەکاندا هەیە و گەردنت نا.

ئەو گازندەیەی تەعەت تاهیر لە خەڵکیی بە مەقامات نییە لە ئازارو ژان، لە دەربەست و بەدەربەست، لە باشیی و خراپیی، خۆشبەختیی و بەدبەختیی، بیرکردنەوە و بڕاوردکردن لەنێوان هەبوون و نەبوون، چاک و خراپ، باشییەکان و خراپییەکان، ئەو هاوکێشانەیە کە هەردەم بە دەزینەوەی شیکارییەکیان سەرقاڵدەبە تا بیکاتە قەسیدەیەک بە ناسینەوەی جوانیی ئینسان و بەها ئینسانییەکان لەڕێی پێبردن بە نیعمەتە پەدراوەکانەوە
ئەوا! خەڵکانێک مەبەستییەتی کە تەنراون لە نیعمەت و بەرەکەت و چەژی ژیان گەیشتووەتە سەراپای باڵایان و لەوپەڕی نازو نەوان، کەچی لە بنەڕەتتدا ڕەحیان تینووی قومێک ئاوینەو بەخەمبوونە لە چەشتنی ئەو ئاسوودەییە، هیچکات لە بیری هەڵمژینی هەوای خۆشبەختی و چەژەرگرتن لە ڕەژە تایبەت و دووبارەنەبووەکان نەبوونە، بە شک هیچ خۆشبەختییەکیش بەرامبەر بەو نییەو نابێ کە لە گەڵانەوە بە خەونەکانی منداڵیی وەدەستدەکەوێت،
ئەمەش لای هەندێک لەگەڵ گەورەبووندا دەبە و لای هەندێکیش بە نرخ و وەک نەبوو هەژمار دەکرێت.
خەڵکیی بە ئاگا لە ژان و ژیان هیچکات گوێی بە نیعمەتەکان نەداوە، شەیدای زەڕەیەک لە پەیداکردنی ئاوین نەبووە، تامی خۆشبەختی و ڕەژە تایبەتەکانی نەچەشتووە، چاوەڕێی ئاوێی لە ناکرێ مەیلی بە خەونەکی مناڵیی بگەڕێتەوە

خەڵک کولیچەو شەربەتی مەووژ دەکەن و منیش لە گەڵکدا بە بیستنی ئایەتێک چاوەڕێی بەرەبەیانی جەژنانم..
کە بیردەکەمەوە شانە لە پرچت بەتەمەنترە.
چەرخی هەواسراوی تەنیشت تەباخەکەت لە پەنجەت زەرتر دەژی.

پێشبەکێی زەمەن خۆشبەختی و ئاسوودەیی ئەترازێنە، چونکە چینەکان لە ژیاندا دیاریکراون و هەریەکەو بەشی خۆی پەدراوە، بەهەزت دەکات و ماندووی دەستی ڕەژگارت دەکات، ڕەژگار خەم و ئازارەکان کەمناکاتەوە، کاتێک باسی پارچە تەنکەیەکی بەر مالی ئاوینە ونبووەکەی دەکات کە ئێستا هەموو خەمی دەزینەوەو سەراخکردنییەتی، کە زەنگەکی ئاگادارکردنەوەی ماڵان دەپارێزێت، ئەو زەنگەی کە دەنگی هەرگیز کپناکات و ون نابێت، هاوشان لەگەڵ ئەو پەکەوە گرێدانە نەبوونی دەنگی شەخەکەی کە بە هەمیشە ونە گازندەیەکی واقعییانەو شیاو دەکات، تووڕەیی خۆی لەو ونبوون و نادیارییە دەنوێنێت و ناڕازییەکی دروست و شیاوی باس دەردەبڕێت و، شەکەتیی

خەی لە گەان بەدوایداو نەدەزینەوەی بە ئەبەد دەردەخات و بە نائومەدییەوە بەو جۆرە دوا قسەی خەی بە پەیام بە دەنگەکی ونبووی ئەبەدیی دەنێرێت کاتە دەمێت، ئازیزم تا دەرفەت بوو پەکەوە وەک دوو ئاوێندار عەسرانەکمان نەکرد بە ژوان و (چا)یەکی تەدا بخەینەوە.

لەپشبەکەی زەماندا گوارە لە گوێت دەباتەوە.
جانتا لەپستت و عەینەک لەچاوت و پەاو لە قاچت نەمرترن، کە دەنیام ئەو پارچە تەنکەیەی جارسی بەر دەرگاتان لەباران دەپارێزێت دەمەنێتەوە و دەنگت ونبووە:
لەخەم و دنیا توڕە دەبم، تا دەرفەت هەبوو ئازیزم..
عەسرەک بەیەکەوە چایەکمان نەخواردەوە.

تەعەت تاهیر

ڕەنگین مەلا سەمەد
نووسەر و ڕۆژنامەنووس

ئاوێزانەکان لە (ئاوێزانەک)دا چەند بنەوە.. ڕەنگین مەلا سەمەد

کاتێک دەقەکی ئاوێزان نوریی دەخوێنیەوە، هەستمان تژیدەبە لە ئاوین و خەیاەمان بە نەو گۆشەکانی جوانبینییەوە شەدەبێتەوە، ئازا دەبین لە هەگرتنی پەنووس و ئازاد دەبین لە بیرکردنەوەو امان لە هەبژاردنی دەقەکان و قووبوونەوەو گوزەرکردن پەیاندا.

ڕەح و هەستی شیعرنووسینی (ئاوێزان نوریی) هەمووکات بە هەبژاردنی دەقەکان و نووسینەوەیان سازو ئامادەیە، ماندووی گەان و داهێنانە بە هێنانبوونی دەقەکی زیندووی تژی لە هەست و نەست و، شکەدار لە پەوەرو هەسەنگاندن.

دونیابینیی ئەم خانمە شاعیرە پە هەستە لەوپەی فراوانییدایە، بە تێگەیشتن لە وشەو فەرم و هەهەندەکان، تامەزرەو تینووی قووماک

هەنراوەی ئەوینە، ئەو هێندە بەئاگاو هۆشیارە لە ئاکۆشان و هەگربوون، پەی بە هەموو شیعرگەلێ چژبەخشەکان دەبات، لەزانانە ئاوەزانی دەقەکان دەبێت، باوەشی شیعریی ئەو هەمووکات پڕە لە هەست و سۆز، قوڵامی ئەو لاپەڕەکان بە عەشق و ئەوین و ناز پەدەکاتەوە شوێنێک بە بەتاڵیی ناهێڵێتەوە، نازی سازی ئەو خوێنەرانی گەشکردووە، بەیە ناهێڵێت تووشی زیزبوونی ڕەحیی ببن، چاوی شاعیرانەی ئەو هەردەم لەسەر خوێنەرانییەتی و، بە باشتر تێگەیشتن لێیان وەنەوز نادات.

ئەو هیچکات نایەوێت لە چوارچێوەیەکدا خوول بخوات و دڵق بگرێت، نایەوێت مەیلی تەری خوێنەرانی بە دوورکەوتنەوە داکشان لەو هەستە لەقاڵبدراوەی برسیی بکات و بتارێنێ، ئەو بە داهێنان لە وێنە شیعرییەکانی، سات بە سات و چرکە بە چرکەو ڕۆژ بە ڕۆژ وێنەی تازەو هەستکی نامەی ژنانەی خەیمان پێ پێشاندەدات.

ئیحساسییەت و جوانبینیی و خەیاڵدانی ئەو دونیایەک سۆزی لە ئەچڕە و ئاوازی لە دەتە بوون، دەربەینی ئەو ژان و ئازاری ژنەتییمان ناهێڵێت، بە گوێدانە سنووربەزاندن بەنەو دەقە وروژێنەرەکاندا تێئەپەڕێ،
سەناکاتەوە لە لەمکردنی ڕوئیای پاشکەوتوو، ئەو مەژووەکە لە دروستبوون و بەردەوامیی و هەزو هەوڵن، ساڕێژکە بە بریەن، سکەیەکە بە فڕبوون.

بوێریەکەی ڕەبازکە دەتگەیەنێتە هەموو ڕەگاکانی هەقیقەت، تابلۆی پەنووسی ئەو هەمیشە مەستە بە کۆشانی وێنەی شیعری خەیاڵیی ڕەنگاوڕەنگ لە فۆرم و پاڕاوپێ لە دەرکەوتن، ئەو پەروانە ئاسا بە دەقکانی دەسووتێت، عەشقی ئەو بە هەڵبژاردنی دەقکی تەواو و دروست بە کۆتایەو، ئیلهامی تەونکراوی پێ سۆزی لێبن نایە.

ئەو مل بە ماندوویی نادات، سەرسەختانە کابەریی لەنەو دەقکانی لە باشبوون و باش نووسیندا دەکات،
خاوەن نەفەسکی درێژی مەیینەیە لە تێکستکانیدا، کە هیچکات قەتیس نابێت و کاریگەریی لەسەری دروست نابێت.

ئەوەی شیعری ئاوەزان نووری بەرچاوکەوە یەکسەر ئەندێشەی ئارەزووکانی جوانبینیی وشە ڕەنگینەکانی هەڵدەبژێرە و بە یەخەی خەیدا هەڵیدەواسە، گرکۆڕەی ئازارکانی سینەی پە دەکاتەوە کۆرەوڕیەکانی ڕۆژگاری پە ڕەنگین دەکات، ئەو نابەزە، دیلی

دەستی هیچ چەرخێکی سوڕاو نابێت.

ئەو ژیرانە هەستوکەوت دەکات و جوانییەکانی تەکنە بە دەمارەکانی کردووە، یاسای نووسینی ئەم خانمە شاعیرە بەجۆرێکە هەموو لەمپەرەکان تێکدەشکێنێ، ئەو ڕەنگەکە هاوشێوەی پەلکە ڕەنگینە ڕەنگەکانی تر بە جوانی ئەنوێنێ.

وردەبینیەوە لە سەرنجدان و لێکدانەوە بە ئەم دەقە شیعرییەی شاعیر کە ناوی وەرزی (بیرچوونەوە) یەوەو لە یەکەم کێپلەدا دەڵێت:

با بەتەنیشت ماڵمدا تێدەپەڕێ و
بیری دەچێت دەرگاو پەنجەرەکەم بخاتە سەر پشت

بە تەنیشت مەنزڵگاو نشینگەکەیدا گوزەر دەکات کەچی بەئاگایە لە پەنجەرەو دەرگا داخراوەکانی ماڵی ئەو، با لە بیری ئەودا نییە، ئەوێک بە تەواوی دەرگاو پەنجەرەکانی ماڵەکەی خۆی داخستووە و وەکوو سیزیف بە دیار قەدەری خۆیەوە دانیشتووە. دانیشتووەو بیر لە خەمساردی بەشەرەکان دەکاتەوە، واوەتر دەڵێت واو دەتەنگە بەوەی کە سروشتیش هەمان خوی بەشەرەکانی گرتووە و خەمساردانە و بە ئاوەدانەوە تێدەپەڕن بەلای دڵە پڕ لە عیشق و بریندارەکانا. ئەو گلەیی لە بەختی ژنەتیی خۆی دەکات کە چۆن لەگەڵیدا نایەت و قاچەکانی بە بینی شکەت دەکات، بەجۆرێک ماندووە چاوی ئەوی شاعیر بە خەوکی ئارام و ئاسوودە هەوداوەو بە ئومێدە بە خەیبوونەوەی پەیوەکانی لە ماندوویی ڕۆژگارو، ئارامکردنەوەی دەروونی تەکچەڕاوی بە گەیشتن بە دیتنی خەوکی قووڵی خەشوودیی بە ژیانی، خەری بە ئاسەو ئومێدو گەشبینیی چواندووە، بەوەی خەر هەمیشە گەش و پرشنگدارەو، هەڕهاتنی بە ئاسمانی بەرینەوە نیشانەی ئاسوونیی و ئومێدەو ووناککەرەوەی تەواوی دونیای ڕەشنە، ئەو پەیوایە ئاوەنداناوە لە بەدبەختیی و ژنەتیی و تاڵیی گوزەرانی، سەاوکی پەویستە بە پەکردنەوەی ناڕەحەتییەکانی و، گرنگیپەنەدانی وادەکات ڕەحی وشبووی هاوشێوەی زەوی بە دەڕەک لە نمەی باران تینوو و تامەزرەی ئەوین و سەزبە، خەی بە زەویەکی وشکبوو و بارانیشی بە سەزی ئەویندارەکەی چواندووە کە ڕەحی وشکی بە موحیببەت تێ دەکات، ئەو بەمجۆرە ووی دەکاتە یارو گازندەی لە دەکات، چون یار جێهێشتووەو ئاوەی لە نداوەتەوەو لە دونیای پەدانی ئەوینەوە پێی، ئەستا بەنازی کردووەو ئەمی لەبیرچووەتەوە.

با بەتەنیشت ماڵمدا تێدەپەڕێ و
بیری دەچێت دەرگاو پەنجەرەکەم بخاتە سەر پشت

پەناوەکانم دەدەن و
بیریان دەچێت قاچەکانم لەگەڵ خەیاندا ببەن
خۆو بە بەرچاومەوە سەما دەکات و
بیری دەچێت بەتەنها سەر پەناوەکانم
خەڵک بە ئاسمانەوە هەڵدەدەن و
بیری دەچێت سەاو لەتاریکی ژوورەکەم بکات
باران بەخۆ دادەکات و
بیری دەچێت چەتک ئاو بەژنەتە گەروی تینوێتییەوە
یار دەڕوات و
بیری دەچێت بەتەوە

لە دووری یارەکەی دەکەوێتە دواندن لەگەڵ خودو بیر لە ڕەگای مردن دەکاتەوەو ژیان فەرامشدەکات، ژیانی خۆی و یارەکەی کە دونیایەک یادگاریەیان لە بەرهەمهێناوە، لەتاو ئازاری ڕەح و شکەتیی هەست، لەبیردەکات، هاوشێوەی چیرۆکی باوکە ئادەم و حەوامان کە سەرباری بەن و بەرامی ڕازاوەی ئەو ژیانەی پێیان بەخشرابوو لەبیرکردو، چاویان بڕیە ئەو سێوەی لێیان قەدەغەکرابوو، چیرۆکی خۆی و ئەوانیش بە وەرزی لەبیرچوونەوە دەچوێنێت و، لەبیرچوونەوەیەک کە هیوا بە بەردەوامیی ژیان و دەستگرتن پەوەی ناهەڵێت هاوشێوەی ئەو منداڵانەی کە خەمیان بە هەڵگژان بە ژیان و گەورەبوون، وایانلەدەکات تامەزرۆی پەگرتن و ڕەکردنبن، تا لە سایەی تەپڵەبوونی قەناغەکان و ئەزموونکردنیان چەژی خۆشی و تەنانەت تاڵیەیش بچێژن، ئەو مودێیەک بە بەنرخیی و پەراوێزخراو لەقەڵەمدەدات، بەبەهایی لەکدەداتەوە، تەنیاو تەنیا لەبیرچوونەوە بە هەکاری لەگەڵنانی جوانیەکان دەزانێت، لەمەی ئەو وەرزە دەکات و بە وەرزەکی شووەی وشکبوون و تەکشکان دادەنێت، پێیوایە هەموو ئەو بیرەکە جوان و داهێندراوە هزریانەی بە ژنێتیی بونیادینا، ئەم تەکیشکاندن بە وەرزەکی وەرانکەرو بەزراو وێنای دەکات، بونیادی جوانیەکانی خۆی بە ئیمارەتەک و وەرزی خەتاباری لەبیرکردنیش بە ئیمپراتەریەتی نەفامی و نەزانی بە سەینەوە لەناوبردنیان، دەچوێنێت.

منیش لەتە سەوی مردن دەخەم
بیرم دەچێت بەنی ژیانەوە بکەم
لەوەرزی بیرچوونەوەدا
منداڵەکانیش بیریان دەچێت پە بگرن
عەیامەکە ژیان بایی کەس نابێت جگە لەبیرچوونەوە

ئیمارەتەکم لە فیکر دروستکردو
ئیمبراتەریەتی جەهل بردیە ڕووە

خانمە شاعیر هەر بەردەوامە لە گلەییەکانی، چونکە ئازارەکانی تەکشکان و سینەوە تا ڕۆخی مەرگ بردوویەتی و ماندوویی بەرەو ئاراستەی لەمەکردن گەیوە، وای لێکدەداتەوە فریوی بە ژیانێکی ساختەو ڕازێندراوەوە خواردووە لەسەر خاکێکی بەبەرکەت، ئەو خاکەی ئەم پەوەی ماندووبوو وە دونیایەک بەرهەمی لەسەر چاند، ئەو بە خیانەت هەیەوڕاندو هیچی بە دووریندوە نەهشتەوە، ئومێدی بە داهاتوویەکی ئارەزوکردوە، خیانەتکانی بە ئەبەد سەکرد، ئەو پیرزیەکانی بونیادنا بە پاراستن و پشکشکردنی وەفا بە دەوروبەر، کچێی لە بنەڕەتەوە مانای جوانیەکانی نەهشت و هەیەتکاند، ئەو خەی بە غەدرلێکراوو نەزان و ساویلکە لە ئاست باشبوون و متمانەکردن و تێکەڵبوون لەگەڵ یارێکەی دەزانێت، لەمەی خەی دەکات، پشیمانبوونەوەو پیاچوونەوە بە گەڕانەوەو دووبارەنەکردنەوەشیان بە بەسوودو لەسەر تێپەڕیو هەژماردەکات، نەزانیی خەی تا ئاستی بەدسەڵایی لەبەرامبەر ئەوینێکی ڕاستدا ئەنوێنێت، بەسوودبوونی هەنگاوەکانیشی وەکو وەردێکی بەنرخ لەسەر بەرماڵێکی هەبوو دەبینێت، کە ئەمانەش یەقینیان تا ئاستی گومان و ترس بردووە.

خاکەکم بە عەشق تەو کردو
داری خیانەتی تیا ڕووا
مەعبەدەکم لە وەفا پەکردو
فەتوای نەمانی تیادرا
ئەمن دەیان دەستنوێژی یەقینم هەڵگرت
جگە لە دو ڕکات ترس و گومان
نوێژی جورئەتم پێنەکرا
تا لەسەر بەرمایی وجود
وەردەکانم ئاراستەی زانین بکەم و
لەگوناهی نەزانی پاک ببمەوە

خەیاڵی ڕەنگاڕەنگیانەی ئەو بە پەکەوبووەن لەگەڵ ئەویندارەکەی هاوشێوەی خەیاڵێکی نارنجی بوو، ڕەنگێکی تەروپە لە جوانیی و شەوقێکی تروسکە لە ڕەنگدانەوە، بەجۆرێک دڵی قەسیدەکانی مەیلی ئامادەبوون و تێکەڵاویان بە هەگربوون و دەستایەتی و خۆشەویستی لەگەڵ وشە ژەنگگرتووەکان نواند، گەورەیان پشاندا تا سازانێکی دروست و گونجاو بە پەکەوەیی و هەڵکردن بەخسەنن، ئەو بەوەفایی و

پراوەزخستنی لایەن ئەوینداركەیەوە بە ساڵكی شووم و پە نەهامەتی و بە بەها ناودەبات و پێیوایە هەموو یادەوەرییەكانی لایەن ئەوەوە وەك ئەو هەورە وایە كە هیچ متمانەیەكی پێناكرێ و لە كۆشكی ساردو گەرمیشدا لە جێی خەی نامەنەت و بووەی خەی لەدەستدەدا.

لە دامێنی خیاڵكی نارنجیشدا
دڵی قەسیدەكانم
ئولفەتیان بەوشە ژەنگرتووەكانەوە گرت و
خەیان دوبارە كردەوە
لەسایی نەهامەتیدا
لەسەر پێڵاوی یادەوەری هەوردا
بەهێڵكی گەورە نوسراوە
وەرزی بیرچوونەوە

ڕەنگین مەلا سەمەد
نووسەر و ڕۆژنامەنووس

ڕۆچوونە نێو دەقێكی شاعیر (كەژاڵ نووری).. ڕەنگین مەلا سەمەد

پشئەوەی بچینە سەر لێكدانەوەی وشەو دەستەواژەو ەستە جوان و دانسقە ئەدەبییەكانی ژنە شاعیر (كەژاڵ نووری)، دەبێت هەندێك لەبارەی شێوازو مەیل و خووی بەرامبەر بە دەربڕینی هەستەكان و چۆنیەتی مامەڵەكردنییەوە بدوێن.
شاعیر لەگەڵ ئەوەی خاوەن هەستێكی تەواو تەو تژییە لە بزواندن، بوەریشە، بەجۆرێك بوەرییەكەی پانتایی باڵای ڕەگەزی بەرامبەر دائەپۆشێ و نوقمی ئەوینێكی ئاستەقینەی دەكات، یاخییە لە هەموو ئەو داب و نەریتە چەقبەستووانەی كە لە چوارچێوەیەكدا دەخوولێنەوەو هەزاران ژنی بە پێخاوسیی، لەڕێی دەربڕینی هەستە بزوێنەرو جوڵێنەرەكانییەوە كردووەتە قوربانیی.

شیعرنووسینی کۆڵان نوری ئیلهامەکی سروشتیی تەنراوە لە هەست و سۆز، نەک ئۆزمووندکی پکهنەرو پکهوەنراو، شیعرکانی ئەو لە خیاڵدانەکی پڕ لە ئامان و، هزرکی زیتووی ژیرو، دەروونکی تەواو هاوە دەتە بوون، کە خوندنەویان سەرنج و مەیل و ناخیشت بەرەو لای هەموو جوانیەکانی نووسین و ئەدەب پڕلکشدەکات.

کۆڵان نوری خاوەن شێوازکی تایبەتە لە دەربڕین و نووسیندا، سەناکاتەوە، بوارە، هەستکانی بە دەربینی ئەوین و گوزارشت لەی، پەنهان ناکات.
ئازاو ئازادە لە دەربینی واقع و مامەڵەکردن لەگەڵ هوداوەکانی چواردەوردا.
بەرامبەر نادادی و ناڕاستیش، دەنگکی زبرو قەڵەمکی تیژو کەسایەتییکی شەڕانی لە داکەکیی.
ئەو! هەموو دەم و کات و سات و هەموو بەرکەوتنک هەوێنی لەدایکبوونی (وشە تازەو نەوتراو نەبینراوەکان)ە
فەرهەنگکی تایبەتە لە وشە
ئەو بە نووسینەکانی، لەنەو دونیایکی دوور لە فانتازیا وێنەکان واقعییانە نمایش دەکات.
نووسین لای کۆڵان نوری، هاوشێوەی چاخواردنەوەو قاوە خواردنەوەیە، بووەتە بەشکی گرنگ و تەواوی ژیانی داگیرکردووە.
ئەو بەجۆرەک لەگەڵ نووسین ئاشنایە، کە ئامادەیە لەبەردەم دەقکانیدا کەنووشی وابەستەبوون بنوێنێت.
هەردەم دەنووسێت و بەزار نابێت
ئەو تەنانەت شیعری ئیرۆتیک دەنێتە بوون و، شەی بوکری و هاتنە مەیدان بە بردنەوە لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا دەکات.
تازەترین شیعریشی کە هەموو ژنە شاعیرکە بوکری ئەوە ناکات دەستی بە ببات و قەڵەم بە نووسینەوەی هەڵگرێت، شیعرکی تەواو ئیرۆتیکە بەناوی (نیمیت و هەیت)ە
کاتک پیت و دەڵکانی ئەم شیعرە دەخونیتەوە، لەش موچوکەو چاوکان فرمێسکیان پیادێت و، لەوکان ئاڵ و، پەنجکان لەرزین و، دەڵکان ترپەو، ناخکان خورپەی ئەوین و، جەستکانیش تەزو چڕیان پیادێت.
لەسەرتاوە شاعیر بەو جۆرە باسی ئەوینکەی دەکات کە بەجۆرک هزرو هەشی داگیرکردووە بێئاگا لەوەی خودی خەی بناسێتەوەو بزانێت کە کێیە، دوورە لەی، بەڵام بەجۆرک تکەڵەی بووە، کە ئاگادارە لە ترپەی دە و هەناسەدانی، لە مەیداندا نییە! بەڵام هەموو خوو و مامەڵەو ڕەوتارکی ئەوە، بە چاوکانی بوونی نایبینێت وەکو

عاشقێک، بەڵام هەموو بڕی بڕیارێک هاوشێوەی کزە بایەکی فێنک و ئارام خۆی لە تاڵە قژەکانی دەئاڵێنێ و، بە نەرمە ئەوینەکەوە خۆی بە یاریکردن لەگەڵ یارەکەیەوە سەرگەرمەکا.
ئەو بە ئەوینەکەی دەڵێت هەرگیز وابەستەت ناکەم بە خەمەوە، بەڵام لەبیریشت ناکەم و قەت کەن نابیت لە یادگەم بەم جۆرە،

مەشکم پەبووە لە تۆ و،
خاڵی لە ناسینەوەی خەم
دووریت و لە مندا هەناسە ئەدەیت.
نیمیت و هەموو شتەکم بووە بە تۆ
ناتبینم و بڕیانیان وەک کزەبایەکی فێنک
لەگەڵ سەرتاڵەکانی قژمدا،
خۆریکی یاریکردنیت
ناتگرم و شەوانە وەکو چەند دەپەک،
ڕەنی دژە پیریی
دەتژێنمە سەر پەستی لەشم،
تا یادت بپارێزم، لە کەن بوون

ئەو خەیاڵی پەکەوبوونی خۆی و ئەوینەکەی هاوشێوەی خەونەک باسدەکات کە چەن دوو ئەوین هەوادای یەکدی دەکەن و دڵیانەوەت تاسووقی یەکدی بە باوەش و ماچ و ئامووسان و یەکتر گەوزاندنەوە بشکێنن، ئەو خەونەش بە ئەمەی ژن ئاچەکین و دڵانەو، بە ئەوی یاریش بردنەوەو چەژی یاریکردنی عەشق و ئەوین و دەستبازییە بۆی، بەم کردەوە بزوێنراوانە سەرنجی ئەو بە ئەبەد ئادەکەشت و شۆن پەنجەو دەستبازییەکانی بەسەر گەردن و مەمک و جەستەیەوە دەبنە یادەوارییەکی خەش و پاوپە لە چەژو مەسبووتبوون و شتیی، هەروەک بەم جۆرە کە دەڵت،

ئەمشەو لە خەونمدا،
لە باوەشتدا بووم و پەشبەکی،
زەرترین ماچکەرمان دەکرد
من دەڵاندم و لە پە ڕاچەکام
بینیم هەردوو لەوت وەک تۆزاڵ
بەسەر زمانمەوە جەمابوون
نوستمەوە،
لە باخەکدا خۆریکی هەنار ئینین بوویت
کە سێبەری سەبەکەتەکەتم کرد،
هەموو ستیانەکانمی تیابوو

ڕاچڵەکام و بینیم زمانت وەک گوڵەنار
لەجێی گەپکەی مەمکم رووا بوو
لەک دوورکەوتووینەتەوە و کەچی،
بەوە بە هەرجۆرێک بێم،
پێناوەکانم شەق دەبن لەپەمدا و
کە سەیر ئەکەم،
ژمارەی قەبارەی پێیەکانی تەم کەیووە.
نەک هی خۆم

پاشان دەکەوتە گازندەو دڵەت لە یەک شونێن بێام بەجارەک خەت ونکردووە تەنانەت بە تەلیسکەبەکەی جەیمیش وەبیش ناتوانم بەدواتدا بگەڕێم و لەو ونبوونەدا بتدزمەوە، ڕاستە دیارنییت، بێام جگات دڵە، هاوشەوەی خوێن بە دەمارەکانما هەڵواسراوی وەک ئەو نەخشەی کە هەڵگری تالاسیمایەو پەویستی پێیەتی، لەڕحتدام بێام تە هەست بە گەورەیی بە منیی ناکەیت، لەچاوەکانمدایت بێام نیگاو ڕووخسارت نابینم، لەگەڵ هاتنی بەیانیانیش وەکو سپرای لە پرچم دەتئاڵێنم.
لەبەرەو گلێیەکانی ژنە شاعیر کەژاڵ نوری لەوپەڕی نائومێدبوون لە بوونی یارەکەی و هەستنەکردن بەو جوانییەی دەتە بوون و هەڵدەکشێت، بەوەی یارەکەی هاوشەوەی دەڵپە ئارەقەک کە ئەژێ بەسەر شان و ملیا بە ناچاریی بە ویستی خەی بە پارچە کلێنسەک دەیسڕێت و فڕێی دەدات، بە لەچیی سەر ملی بەساڕاچوویەک دەیچونێ و پێیوایە دەنگەکی هەبووی بەکەڵکەو پەوەی نووساوە، هەوەک بەم جارەی باسی دەکات و دەڵێت،

لەسەر زەویەکین کەچی ئەوەندە نادیاریت
بە تەلیسکەبەکەی جەیمس وەبیش بێت بگەڕێم
لەسەر هیچ هەسارەیەک ناتدزمەوە
لە دەمدایت و نەک ناسوڕێتەوە بە گیانما
ئەڕەی بە بوتڵە خوێنەوە بەخشیوومی،
بە تووشبووەیکی نەخشیی سالاسیما
لە ڕحتدام و کەچی هەست،
بە زەخمی "بە خەت" ی من ناکەیت
لە چاومدایت و نیگایەکت نابینم، سەیرم کات
بەیانیان وەکو سپرای قژ،
ئەتدەم لە پرچم و کەچی،
ناگەیت بە ئەوارە و تک تک،
وەکو دڵەپەی ئارەقە،

دڵژی بەسەر شان و ملما و، بە ناچاریی،
بە پارچە کلنسک ئەتسم و فڵت ئەدم.
وەکو لەچکی پیریی بە ملمەوە نووساویت و
کە قسە ئەکەم،
ڤلیومی دەنگی تە دەگاتە گوێی خڵکی،
نەک هی من

لەکەتایشدا شاعیر کۆڵە نوری باسی هەگربوون و پێوەستبوونی یەکەم دەمی خۆی و ئاوێنەکەی دەکات و پێیوایە لە وەسفی ئاوێنەکەیاندا خۆی هاوشێوەی کەسێکی ڕووت لەنێو کەژان و یارەکەشی پێ بەرگ لە وەسف و ئاوێنە، باسی بینینی ناخیشی دەکات کاتێک دەچێتە بەر ئاوێنە، بە بەرکەوتن و بینینی برین و ئاهی ناخی ئەم، ڕەنگی ڕووخساری ئاوی ئاوێندار قاوەیی هەڵدەگڕێ و چۆڕی ماچی پە لەزەتی ئاودەمی سەردەمی ئاوێنداریان تاڵ دەبە، بە سوراو و جوانکاری ئاوێش، هەستی یار دەجوڵێ و دەیبزوێنە، لەناو یاردا تواوەتەوە کەچی هەست بەبوونی ناکات، دواتر دەکەوێتە لەمەو گلەیی و پێئەڵێ بەجارێک نزیکم لێت کە دەستم لە نادەیت، لەپەناو ئاو عەشقە دەکەوێتە قسەکردن لەگەڵ خۆ ئاوێش جارێک باسی لەوە دەکات خۆی بە دونیا و ئاوێش بە قیامەت دەچوێنە و پێیوایە هەندەی دونیاو قیامەت دوورن لە یەکەوە ناشزانێت هاتن و جەهشتنی یارەکەی کامیان یەکەمجار بووە هەروەک بەم جارە دڵت،

بە شێوەیەک بە باڵای تەیا ئاڵاوم
کە ئەچمە دەرەوە تەنیا تە ئەگەم و لە کەژان،
ئەبینم خەم، بە ڕووتی هاتووم
کە ئەچمە بەر ئاوێنەکەم و،
هەمی ئاهەکمی بەرکەوە
ڕوخسارت ڕەنگی قاوەکەی من ئەگرێت و،
ماچی ناودەمت تاڵ ئەبە
سوراو ئەکەم،
کۆمەکانت ئەبنە ئەتەسی پەمەیی
بڕەم چاک ئەکەم،،
ریش و سمێڵی تەش ئەبنە ساکسەکی
لە تەدام و هەستم پەناکەیت،
لە مندایت و لەمسم ناکەیت
ئاوەندە نزیک لەمەوە دووریت،
ئەی دونیا و قیامەتین

ئەوەندە عاشقانە رقم لێتە !
ئەی یوسف و زولەیخاین
هی من نیت و شەی بوونت،
بە هەموو ژنێک دەفرۆشم
هی تەم و دەستم دەخەیتە،
دەست هەموو پیاوێکەوە،
خۆت نا.
بەجەم دەی،
تا بزانیت وەکو شوێن پێ دووات ئەکەوم؟
جێت ناهێم
تا بزانم وەکو رەبەر پێشمەکەوی؟
نیت و کەچی وەک فەلسەفەی بوونگەرایی
نازانم کەی بیرکردنت،
کەتایی دێ؟
هەیت و کەچی وەکو مریشک و هەلکەکە
، ئێستاش نەمزانی رشتنت لە پێشدا بوو
یان هاتنت؟
ئەی بە قوربان!!

کۆژاڵ نوری
سێبتەمبەری 2024-هەندا

نگین ملا سەمەد
نووسەرو ڕۆژنامەنووس